# کۆبونەوەی نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە گەڵ ڕێکخراوی لێبوردنیی نێو دەوڵەتی لە سویسرا

لە ڕۆژی 28.11.2006 لەشاری ستگاڵن نوێنەرانی کۆنگرەی ئازادی عراق بەشداریان کرد لە کۆبونەوەی مانگانەی ئەمنستی سەرەتای کۆبونەوەکە لە لایەن ڕیتۆ مۆرینس بەرپرسی ئەمنستی بە خێرهاتنی ئامادەبوان کرا.

بەشی یەکەمی کۆبونەوەکە هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیەکانی ئەمنستی بوو،بەشی دووەمی دانیشتنەکە لە سەر بارودۆخی عێراق و ڕێگاچارەی کۆنگرەی ئازادی عێراق بۆ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگای عێراق.لەلایەن (سەردارحامید)ەوە باسێکی لە سە ر بەرەی دژی شەڕ لە پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکاو عێراق کرد پێویستی زیندووکردنەوەی ئەو بەرەیەی بە گرنگ زانی بۆ کۆتایهێنان بە داگیرکاری عێراق و شەڕی خێڵەکی لە و وولا تە.

دواتر هاتە سەرباسی بارودۆخی ناهەمواری عێراق و نەبوونی هیچ جۆرە ئاسایشێک بۆ ژیانی هاوڵآتیان پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و کوژرانی زیاتر لە 665000 هەزار کەس لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕەوە تا ئێستا بە کارەساتێکی خوێناوی وەسفکرد وە داوای لە ئەمنستی کرد کە لە بەرامبەر ئەو کوشتارگایەی خەڵکی سیڤیل بێدەنگ نەبن ،وەدەقی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتوەکانی بە نمونە هێنایەوە کە ئاماژە بە کوژرانی 3907 کەس دەکات تەنها لە مانگی ئۆکتۆبەردا .

دواتر ڕێگاچارە کۆنگەری ئازادی حێراق لە لایەن شەهاب سالم وە ڕونکرایەوە و پێویستی چونەدەرەوەی هێزەداگیرکەرەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی و چەککردنی میلیشاکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیکولار کرا.و بەیانی دامەزراندنی نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق /سویسرا درا بە ئامادەبوان.

ئەم قسەو باسانە بووە جێگای پرسیارو گفتوگۆی ئامادەبوان بوو وە نوێنەرانی ئەمنستی داوای توندو تۆڵکردنی پەیوەندێکانی هەردوو ڕێکخراو کرد، شایەنی باسە ڕێگاچارەکانی کۆنگرەی ئازادی عێراق جێگای ڕەزامەندی ئامادەبوان بوو،.

**نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە سویسرا**

29.11.2006